
www.kurdistannet.org
27-7-2006 15:28بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## یادێک لە کەڵەشەهیدێکی دوای هەرەس ... هیوا ناسیح ـ سویسرا

hiwanaseh@hotmail. com

هەموو گوڵەکانی بەهار جوانن بەڵام ئەو گوڵانەی بۆ یەکەمجار و هێشتا سەرماوسۆڵەی زستان نەڕەویوەتەوە سەر لە خاک دەردێنن. لە هەموو گوڵانی تر جوانترن. هەموو هەڵۆکانی شاخ ڕەمزی سەربەرزی و کۆڵنەدانن بەڵام ئەو هەڵۆیانەی لەوانی دی بەرزەفڕترن و سەرکێشی دەکەن و زووتر دەگەنە لوتکە. زیاتر و زۆرتر سەرفرازن. هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان جوانن بەڵام ئەو ئەستێرانەی هەر زوو بەر لە کۆتایی خۆرنشین و ئاسۆی ئەرخەوانی هەڵدێن و دەجریوێنن. لە هەموو ئەوانی دی گەشترن. هەموو تێکۆشەرانی کوردستان مایەی ڕێز و خۆشەویستین. بەڵام ئەو کەسانەی کە بۆ یەکەمجار سنگ دەدەنە بەر گوللە و بە گڕ ئەهریمەندا دەچنەوە. لەوانی تر ئازا و سەربەرز و تێکۆشەرترن.



بیست و نۆ ساڵی ڕێک بەر لە ئەمڕۆ کوڕە جوتیارێکی هەژاری خەڵکی گەرمیان و ناوچەی ئاغجەلەر بەناوی (حەمە غەفور ئاغجەلەری) لەگەڵ شەش هاوڕێی تریدا زۆر بە ناجوامێرانە و نامەردانە شەهیدکران.

(کاکە حەمە) وەک هاوڕێ و هاوسەنگەری خۆی پێیان دەگوت. یەکێک بوو لە سەر دەستەی ئەو پێشمەرگانەی کە بۆ یەکەمجار و دوای نسکۆی ١٩٧٥ بڵێسەی شۆڕشیان گەیاندە ناوچەی گەرمیان. ئەو ڕۆژگارەی کە شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس گوتەنی (هەرەس بوو هەرەس.. کەس نەبوو. کەس!!) دایانەوە شاخ و هەواڵی گەورەترین داستانی سەرهەڵدانەوە و بەرخودان و ڕاپەڕینیان دا بە گوێی سەرسەختترین دوژمنی کورددا و بە خوێنی خۆیان مەشخەڵی شۆڕشی نوێیان داگیرساند. ئەوان بوونە هەوێنی سەرهەڵدان و نەسرەوتن و ئەفسانەی دوای هەرەس و هێمای سەرشۆڕنەکردن بۆ سێکوچکەی (بەعەرەبکردن. بەبەعسیکردن و کۆچپێکردن) .

کاک ئاغجەلەری سەرکردەیەکی مەیدانیی سەرکەوتووی پارتیزان و تێکۆشەریکی خۆنەویست و چاونەترس و هەڵکەوتوو بوو. کەسێکی خۆشەویستی ناو ڕەش و ڕووت و جوتیار و پێشمەرگە بوو. هەر ساڵێک دوای هەرەس. ئۆقرەی نەگرت و ئازاری نیشتمان و گەلەکەی لا گەورەتر بوو لە بە خێوکردنی ماڵ و منداڵ و خێزانەکەی و بێباکیش بوو لە هەڕەشە و دڕندەیی بەعس.

دوای ئەوەی ئەم کەڵەشەهیدە دەچێتەوە دەرەوە. باوک و دایک و ماڵ و منداڵی لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە دوور دەخرێنەوە بۆ ناسرییە و ماڵەکەشی لە ئاغجەلەر بە هەموو کەل و پەلێکەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت. دوژمنی داگیرکەری بەعس بوونی کاکە حەمە و دەستە پێشمەرگەکەی لە ناوچەی ئاغجەلەر و قەڵاسێوکە دا بە گرفت و خەمێکی گەورە دەزانی و هەردەم لە پیلان و نەخشەکێشان و کڕینی خەڵکی نەفسنزم و ویژدانفرۆش دا بوو تا لە ڕێیانەوە دەستی بگاتە حەمە غەفور و هاوڕیکانی و شەهیدیان بکات. مەخابن نیازی دێتە دی و ئەم مەزنە تێکۆشەرە و هەر شەش هاوڕێکەی لە پیلانێکی گڵاو و داڕێژراو دا لە ڕێکەوتی ١٩٧٧/٧/٢٣ دا بەناپاکی و لە خەودا لە لایەن گەورەجاش و تاوانبارانی گۆڕبەگۆڕکراو (تەحسین شاوەیس و قالە فەرەج) و شێخ عوسمان ناوێکەوە شەهید دەکرێن. شایەنی گوتنە و جێگەی داخیشە کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەردوو گەورەجاشی ناوبراوی بە شەهید ناونوس کردوە. پاش شەهید کردنی ئەم پۆلە پێشمەرگەیە. ئەوەی جێگای سەرنجە حکومەتی بەعس ئەوەندە قین لە دڵ بوو بەرامبەر شەهیدی ناوبراو بە جۆرێک دوای ئەوەی شەهیدکران و تەرمەکانیشیان بە کۆپتەر گواسترانەوە. وەک دەگێڕنەوە تا ماوەیەک تانکێکی لە نزیک گۆری ناوبراوەوە لە ئاغجەلەر. بۆ ڕێگەگرتن لە هەر کۆبونەوە و سەرهەڵدانێکی جەماوەری. دانابوو.

شایەنیباسە حەمەغەفوری ئەمر دواتر بووە پێشەنگی گیانبەختکردن و شۆڕشگێڕیی بۆ بنەماڵە و خێزانەکەی. بە جۆرێک چەندان شەهیدی تری وەک (مامۆستا ڕەفیق و جەلال محەممەد حامد) یان بە کوردستان بەخشی.

ماوەتەوە بڵێم. کە شەهیدی ناوبراو و هەزارانی تر بۆ ئازادی کوردستان و کەرامەتی مرۆڤی کورد و ژیانێکی باشتر بۆ گەلەکەیان خۆیان بەخت کرد. نەک بۆ گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی وەک ئاو و کارەبا.

لە بیست و نۆیەمین ساڵڕۆژی شەهید بوونی کاکە حەمە و هاوڕێکانیدا. یادیان هەر بەرز و ڕەوانیان شاد بێت.




تێبینی:

١/ داوای لێبوردن لە کەس و کاری شەش هاوڕێ شەهیدەکانی ناوبراو دەکەم کە ناویانم نەنووسیوە. چونکە دەستم نەکەوت.

٢/ ئەم بابەتە دوو ڕۆژ لەمەو بەر بە هەندێ دەسکاریەوە نێردرا بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بەڵام بڵاویان نەکردەوە!!